لە چاوپێکەوتنێکی لێدواندا قایمقامی قەزای رانیە :

من خۆم ئەوتاسانەم دروست نەکردون، تاخەڵك رەخنە لەمن بگرن

ئا: هێدی چنارنەیی

عەلی حمەد بەگ قائیمقامی قەزای رانیە لە وەڵامی چەند پرسیارێکی لێدواندا تیشك دەخاتە سەر گەرانەوە بۆ رای خەڵك و جێبەجێ کردنی پرۆژەکانو هۆکاری دروست کردنی تاسەکانی ناو شارو رونکردنەوەی چەند مەسەلەیەکی تر، بۆیە دەقی چاوپێکەوتنەکە بە پرسیارو وەڵامەکانیەوە بڵاو دەکەینەوە:

لێدوان: بیرۆکەی گەڕانەوە بۆرای خەڵك لەچییەوە هات ؟

قایمقامی رانیە: ئەوە بیرۆکەیەکی تازەنیە، بەڵکو ئەوە مەبدەئی کارکردنە لەهەر دەزگایەك، حکومی بێ یان حیزبیو رێکخراوەیی، پێویستە هەرلایەنێك بۆگەشەکردنو بەرەو پێشچوونی خۆیو بۆئەوەی ببێتە جێگەی پرواو متمانەی جەماوەرەکەی، دەبێ بگەڕێتەوە لای خەڵك، بۆپرسو راو سەرنجو تێبینیەکانیان، بەتایبەت لەبواری پرۆژە خزمەتگوزاریەکاندا، گەڕانەوە بۆخەڵكیو را وەرگرتنیان، پێش دەست کردن بەگەشفو پرۆپۆزەلی پرۆژەکە، هێندە گرنگە بەقەدەر خودی پرۆژەکە قورسایی بۆئەوخەڵکەو پرۆژەکەش دروست دەکات، بروا و متمانە لەحکومەتو دەزگاکانیەوە دەدەیتەوە خەڵك، کەمافی خۆیانە قسەیان هەبێ سەرنج وتێبینیو پێشنیارو رەخنەشیان هەبێ، چونکە ئەم سەردەمە سەردەمی پرسیارە ووردەکانو گوێگرتنە لەرای خەڵكو شەفافیەتی کاروکردارە، بۆیە ئێمە ئەوبەرنامەیەمان پەیرەوکردوە لەکاتی بوونی پرۆژەدا.

لێدوان: کۆنکرێتی گەرەکەکان لەسەر چ بودجەیەکە؟

قایمقامی رانیە: ئەوە تەنها بۆ چەند گەرەکێکی دێرینی شاری رانیەیە بەداخەوە هەرئەوەندە پشکمان بەر کەوتووە، کەسنورەکە زۆر زیاتری پێویستە بەڵام بێ ئومێد نابینو لەئایندەدا پشکی باشتریشمان بەر دەکەوێ وبەرنامەمان هەیە بۆئایندە.

لێدوان: غەرامە زۆر بووە، کێن ئەوانەی غەرامە دەیانگرێتەوە؟

قایمقامی رانیە: ئێمە بەپێی ئەوصەلاحیەتەی کەلەمادەی ١٣٦ی یاسای پارێزگاکان پێمان دراوە، غەرامە بۆهەموو ئەوانەی رۆژانە سەرپێچی دەکەن، دەنوسین هەرلە مخالەفەی مرور، تا دەگاتە ئەوانەی کەل وپەل لەسەر شۆستەکان دادەنێنوگران فرۆشی دەکەنو هتد..

لێدوان: تاسەکان خەڵکیان بێزار کردبوگلەیی زۆریان لەسەر بوو، بەڵام ئێستا باشتر کراون، ئایا هۆکاری دروست کردنیان چی بوو؟

قایمقامی رانیە: دروست کردنی تاسەکان لەسەر داوای زۆرینەی خەڵکی سنورەکە بوو کەچەندین کارەساتی گیانی زۆر ناخۆشو رووداوی هاتوچۆ رویانداو رویان دەدا ئەگەر دروست نەکرابان، من خۆم ئەو تاسانەم دروست نەکردوە، تاخەڵکی رەخنە لەمن بگرن، لەکۆبونەوەیەکی تایبەتی نێوان سەرۆکی شارەوانیو بەرێوەبەری ئاوەدانکردنەوەی رانیەو پۆلیسی هاتوچۆی ئەو کات، بریارەکە درا، من سەرنجی خۆم دا بۆ چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ئەو مخالەفانەی کە دەیان قوربانی لێ کەوتۆتەوە، دوا جار بریاری ئەو تاسانەمان داو، دروستکردنەکەی لەلایەن ئەو بەرێزانەوە بوو تەنها من قیرەکەم دابین کرد، نموونەی تاسەی چەند ولاتانیشم بۆ روون کردنەوە، بەداخەوە ئەوەی کە دروستیشیان کردن پێیان وابو بە گەرما قیرەکە دادەبەزێت، بەڵام وانەبوو نارەزایی خەڵك هەبوو، لەکۆبونەوەیەکی لێپرسراوی دائیرەکان بریارمان دا بە لابردنیان هەموویان بە پەسەندیان زانی، بریار بوو چاکیان بکەن، بەڵام بە داخەوە بۆ ئەوەی نارەزایی خەڵك دژ بە ئێمە هەبێت هیچ لایەك خۆی نەکردە ساحێبیان.

لێدوان: رۆژانە پێش دەوام شار بەسەر دەکەیتەوە، دەکرێ هۆکاری ئەمە بزانین؟

قایمقامی رانیە: بە دوا داچوونو بەسەرکردنەوەی پرۆژەکان زۆر گرنگەو بەشێکی هەر لە پێش واجبی وەحدەی ئیداری یە، من هەموو رۆژ بەر لە دەوامی رەسمی، جەولەی ناو شارو سەردانی پرۆژەکانم هەیەو ڕێنماییو تەوجیهاتو سەرنجەکانم دەگەیەنم، گفتو گۆ لەسەر هەموو مەسەلەکان دەکەم، چ روبەروو، یان بە تەلەفۆن، ئەم کارە رێگە لەکارەکانی ئێیدارێم ناگرێ، بەشی دووەم بانگ کۆبونەوە لەگەڵ ئەندازیارانو سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانو چاودێرەکانو هەموو بەشە خزمەتگوزارییەکان لەدیوانی قائمقامیەت، یان لەسەر مەیدانی کارکردن ئەنجام دەدەم، هەروەها لەناو قائمقامیەتدا بەشێکی تایبەت کەفەرمانبەرێك سەرپەرشتی دەکات بۆ بەدواداچوون هەیە، ئاگادارم دەکاتەوە لە هەر کەمیتەرخەمیەك کەبەنوسراو ئاراستەمان کردونو وەڵام نەدراوەتەوە لەهەفتەدا، زۆر بەداخەوەم زۆر لەبرادەرانو بەرپرسان بەم بەدواداچونانە دڵگران دەبن، پێیان وایە کارێکی تیادایە ئەگەرچی گرنگترین ئەرکی هەر بەرپرسێك بە دواداچونی کاروپرۆژەکانە، زۆر بەداخەوەم هەر بەقسە سەلاحیەتەکان هی ئێمەن ئەگینا هەموی دەبێ بەجۆرێك لەخۆسەپاندن بەسەر کارەکاندا، سەلاحیەت فەرز بکەین لەم میکانیزکی کارکردنەدا.

لێدوان: بۆ زستانی ئەمسال پلانی دابەشکردنی نەوتتان چۆن دارشتووە؟

قایمقامی رانیە: بۆ دابەشکردنی نەوت بەسەر هاولاتیاندا، بەشێوەیەکی مەرکەزیو لە دەزگای پرۆژە تایبەتیەکان، بەرنامەی بۆ دانراوەو شارەکان بە ژمارە زنجیرە (تسلسل) کراون، من پەیوەندیم بە بەرێز سەرۆکی دەزگای سوتەمەنی کاك محەمەد سلێمانەوە کرد، دەربارەی رەوشی ناوچەکە، چونکە هاولاتیان بەهۆی بەرزی نرخی سوتەمەنیەوە فشاری زۆریان بۆ هاتوە، بەرێزیان لە وەڵامدا وتیان دوای شاری قەڵادزێ راستەوخۆ سەرەی شاری رانیەیە بۆ دابەشکردنی نەوت، پێدەچێت لە چەند رۆژی تایبەندەدا، دەست بکرێت بە جێبەجێکردنی، ئەوەی لە بەرنامەدایە، مالی بەرمیلێکی بەردەکەوێت، چونکە پێشتر بەرمیلێك دابەش کراوە، بەپێی ئەو گرێبەستەی کە لەگەڵ وڵاتی تێراندا مۆر کراوە، پێدەچێت لەکۆتایی زستاندا بەرمیلی سێیەمیش بدرێت، بەو مەرجەی گرێبەستەکە گرفتی نەبێت، ئەو خێزانانەشی تازە دروست بوون لە ماوەی مانگی (١و ٢و ٣و ٤و ٥و ٦)، ناویان هاتۆتەوەو وەری دەگرن، ئەوانی تریش چاوەروان دەکەین ناویان بێتەوە، چونکە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە، هەرکاتێك فۆرمی خۆراکیان تەواو بوو، ناوەکەیان دەدرێتە بەشی سوتەمەنی، لەوێش فۆرمی سوتەمەنیان بۆ دابین دەکرێ.

لێدوان: دەنگۆی بریارێك هەیە بۆ لابردنی چەند قایمقامێك لە قەزاکاناڵ، ئەو دەنگۆیە تا کوێ راستەو کامانەن ئەو قایمقامانەی لەسەر کار لادەبرێن؟

قایمقامی رانیە: چەند بریکارێك کە ژمارەیان ٨ بریکاری قایمقامە، جێگر کراونو پۆستی قایمقامیان وەرگرتوە، بەڵام دوانیان کە پێشتر بەرێوەبەری ناحیە بوون، چونەتەوە سەر کاری خۆیان، واتە هیچ قایمقامێك لەسەر کار لانەبراوە، دەربارەی خۆشم هیچم نەبیستوە، چونکە من فەرمانبەری حکومەتم و پۆستکەشم لەگەڵ ئەوەی پۆستێ: ئیدارییە، لەگەڵ ئەوەشدا حزبیەو هەرکاتێك یەکێتی نیشتمانی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی لابردنم دەر بکەن، بە فەرمانێك لەسەر کار لادەچم.

لێدوان: بۆ ساڵی ٢٠٠٨ چ پرۆژەیەك هەیە بۆ شاری رانیەو دەوروبەری؟

قایمقامی رانیە: چەند رۆژێك پێش ئێستا نوسراومان بۆ سەرجەم فەرمانگەکانی سنوورەکە کردووە، تا بەرنامەیەکی پێنج ساڵی دابنێن بۆ پرۆژەکانی ناوچەکە، بەگوێرەی زۆربونی ژمارەی دانیشتوان، زۆرێك لە فەرمانگەکان پێشنیاری جدیو جوانیان کردووە، ئێمەش پێشنیارەکانمان کردۆتە پرۆژەیەکی گشتیو داومانەتە ئەنجومەنی پارێزگا، بەڵام بەهۆی ئەوەی بودجەی ساڵی ئایندەی حکومەت دیاری نەکراوە، تەنیا بودجەی ئەنجومەنی پارێزگا دیارە، بەهۆی ئەوەی لەسەر حکومەتی مەرکەزی بغدایەو پێدەچێت هەمان بودجەی پار بێتو رانیەش نزیکەی ٦ ملیار دیناری بەردەکەوێت، ئێمەش بەگوێرەی پارەکە پرۆژەمان پێشکەش کردووە، کە زوربەی بریتیە لە کۆنکرێتو قیرتاو کردن، هەروەها لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ پارکی دەروازە وەك پرۆژەیەك هەیە، کە لە بەنزینخانەی خالیدەوە دەست پێدەکات تا نزیك خانوی حاکمەکان، رووبەرەکەی ٢٦ تا ٢٧ دۆنمە، زوربەی پێداویستیەکانی دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن، وەك دیوارو کارەباو رێو بانەکانی ناوەوەی، هەروەها غاباتی رانیە کە لە ساڵی پارەوە داوای پێداویستیەکانمان بۆ کردووە تەندەرەکانی فرۆشراوە. لەگەڵ چەند پرۆژەیەکی تری ئاوو هەروەها پزیشکی دادوەری (**طب عدلي**) کە بۆمان دەرچوە لە چەند رۆژی داهاتودا، بەڵێندەرەکە چەند رۆژێکی تر دەستی پێدەکات، لەگەڵ قیرتاو کردنو کۆنکرێتی چەند گەرەکێکی تر، بەهیوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ دا کێشەی کۆنکرێت لە شاری رانیە تەواو بێت، ئەمە جگە لە پارکی پێنجی ئازار کە لە دەروازەی شارە، کە بەڵێنمان پێدراوەو مۆنۆمێنتی پێنجی ئازاریشی لەگەڵدایە، هەر لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠٠٧و تەواو کردنی پرۆژەی جوانکاری ناو بازار!

لێدوان: مامۆستا پەیوەندیتان لەگەڵ حزبە سیاسیەکانی ناوچەکە چۆنە؟

قایمقامی رانیە: پەیوەندیم لەگەڵ سەرجەم حزبو رێکخراوەکان زۆر باشە، هەستم نەکردووە گلەییمان لێم هەبێتو ئەگەر گلەییان لێم هەبێتو قسەیان نەکردبێت، من گلەییان لێ دەکەم، بەنسبەت حزبی خۆشمانەوە، وەك بەرێز هەڤاڵ مام جەلال دەڵێت حزبە حەیاتەکەی خۆمان، من پێشمەرگەیەکی ئەو حزبەمو بۆ کوردایەتی کار دەکەمو هەست بە ماندوبون ناکەم.

لێدوان: ئێوە چ شتێك دڵخۆشتان دەکات و چیش دڵتان ناخۆش دەکات؟

قایمقامی رانیە: ئەوەی دڵخۆشم دەکات، رازی بوونی دڵی جەماوەرەو لای من لە هەمو نەشئەیەك خۆشترە، ئەوەی دلتەنگیشم دەکات، بێ ویژدانی هەندێك کەسە، کاتێك لەخۆیانەوە لەسەر هەندێك شت قسە دەکەن، بەبێ بوونی زانیاریو بەڵگە.

وردەواڵە

چەرچی دەینوسێ

رۆژ ـ نـــــامە

من ناڵێم با رۆژنامە بەو زۆریە نەبێت ، با زۆربن بەڵام با بۆر نەبن . لە هەر شوێنێکی پێشکەوتوی ئەم دونیایە ورد بیتەوە ، دەبینی هەمو گروپ و کۆمەڵەو یانەو رێکخراوەیەك و .....هتد ، رۆژنامەیەك دەردەکەن و دەبێت بە زمانحاڵیان و پێشی دەناسرێنەوە ، چونکێکم تا یبەتن .، بەڵام لێرە هەموو وەك یەك وان . لەزۆر لۆکاڵی و ناوچەیی یانەوە بگرە . تا دەگاتە ئەو رۆژنامانەی کە بە تیراژی زۆر دەردەچن .

با نموونەیەکی (بۆریی) بخەمە بەرچاوتان . سوێندتان لە سەرم نیە ، بەڵام قەسەم بە یەك رەنگی خوای هەر بە رێکەوت و بە هۆی هەڵە زۆر زل و زەقەکانیەوەیەتی کە هەمڵ بژاردوە .

رۆژنامەی ژیانی نوێ ژمارە ١٥٨ لە ٢٠٠٧/١٢/١ (کە لە هەر ١٥ لاپەرەکیدا نوسراوە ژمارە ١٥٨ کەچی لە ناوەراستی دواین لاپەرەً یدا نوسراوە (ژمارە ٤٥٨ ی رۆژی (شەمە) ٢٠٠٧/١٢/١) .

با ئەوەیان لێگەڕێین . بەڵام توخوا خزمینە ئەمەیان قبوڵ دەکرێ :

(رۆژاوا شانبەشانی ئاستە رۆشنبیری و زانستیەکان سیستەم دەگۆرن ، بەڵام ئێمەی دواکەوتو چۆن بتوانین لەگەڵ سیستمی خوێندنی هاوچەرخ دا { برین } !!!!). ئەمە لەستونی دوەمی بابەتەکە وەرگیراوە کە ئەویش هەر وانوسراوە .

ئەوەشیان هەر زۆر حساب ناکەین کە دوکتۆری فەقێریان کردوە بە (دز زاهیرعلی عمر) . وێرای چاوپۆشی لە دەیان هەڵەی تر . کەوادەردەکەوێ کەسێك لەو رۆژنامەیە نیە بەناوی هەڵەبر .

ئەمە نموونەیەکی هەر بەڕێکەوت بوو . خۆ ئەگەر لەرۆژنامەکانی تریشد ا بگەڕێ ی ، ئەوا دەبێ هەر لێی گەڕێی .

مەنسوول نابێ دابەزێ

باپیرەم هەرزوو فەرموی — هەرتۆ کوشتەی هاتو چووی
چونکە رۆژکاری ئێوە — هیچکەس ناروا بە (پێوە)
جارێ خۆ مەنسول هەرهیچ — ناروانتۆ بە لا قۆڤیچ
لەلای مەنسول دابەزین — جیاوازۆ لە ئەسپ و زین
بڵا ی خودا نەخواستە — مووی تێدا بێ ئەو ماستە ؟!!
لەجیاتی پیاوی مەزن — دەبێ لەجێی دابەزن
داشبەزێ ! ناکرێتەوە — واشنەبێ نابرێتەوە !!

پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید، یەکێکە لەو پارتانەی کە لە نەخشی سیاسی ئەو وڵاتەدا رۆڵێکی دیاردەگێڕێت

مریەم سەمەد وردەکاری گەشتەکەی بۆ ئەو وڵاتە دەگێڕێتەوە

چاوپێکەوتن: بەرهەم دڵشاد

پ: سەردانەکەتان بۆ وڵاتی سوید چۆن رێکخرا ؟

و: لەسەر داوای پارتی سوسیال دیموکراتی سوید وەفدێکی کادیرانی (ی . ن . ك) کە پێکهاتبوو لە ١٥ کادیر سەردانی وڵاتی سویدمان کرد بەمەبەستی ئاشنابوون پە ئەزموونی سوسیال دیموکراتەکان لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوو منیش یەکێك بووم لەو کادیرانە سەردانەکەمان لە ١٠/١١ دەستی پێکرد کاتێك لە فرۆکەخانەی سلێمانیەوە بەرێکەوتین بۆ وڵاتی سوید زۆربەمان بۆ یەکەم جارمان بوو کە سەفەری دەرەوەی وڵات بکەین بۆیە ئەزموون و دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ ئێمە

پ: وڵاتی سویدت چۆن بینی چی سەرنجی راکێشایت ؟

و: هەرکە پێدەنێیتە وڵاتی سوید جوانیو پاکی وڵاتەکەو خۆشگوزەرانیو هوشیاری خەلکەکەی سەرنجت بۆلای خۆی رادەکێشێت، وا لە مرۆڤ دەکات هیوا بخوازێت کە وڵاتەکەی ئەویش بەم شێوەیە بێت چونکە لە هەموو بوارە سیاسیو ئابوورییو کۆمەلایەتیو زانستیەکاندا گەشەکردنێکی زۆریان بە خۆرە بینیوەو نموونەی وڵاتێکی دیموکراسیو پاراستنی مافەکانی مرۆڤو کارکردنی کۆمەڵگای مەدەنیە .شێوەو ئاکاری مرۆڤەکانی سوید تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەوان زۆربەیان قژ زەردو چاوکاڵو باڵابەرزو رەنگ سپین، ئاوو هەواو ژینگەی ئەم وڵاتە ساردەو هەمیشە بارانی هەیە زۆر بەکەمی رۆژ دەردەکەوێت، کات لای ئەوان زۆر گرنگەو هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە جگە لە رۆژانی شەممەو یەك شەممە کاردەکات، ئەم دوو رۆژی پشوەش بە گەشتو خۆش گوزەرانی بەسەر دەبەن. لەم وڵاتەدا باڵەخانەو بازار و شارەکانیان سیمایەکی گەلی جوانیان هەیە و هونەرێکی گەورەیان پێوە دیارە کەتواناو شارەزاییو هونەری بەرزی ئەم گەلە دەردەخات، بەسەدان پارکو مۆزەخانەو سینەماو هۆڵی گەورەی هونەرییو رۆشنبیری وەرزشی لەو وڵاتەدا هەن. گرنگی زۆر بە گەنجیەتی و لەش ساغی و تەندروستی دەدەن بەردەوام وەرزش دەکەن و گرنگیەکی زۆر بە جوانی و پاکی دەدەن. دەسەلاتی ئەم وڵاتە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی دیموکراسی لەلاگرنگە. هاولاتیەکانی لە ئاست ئەرکو مافەکانی خۆیاندان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی رۆڵێکی باش لە پێشکەوتنی وڵاتەکەیاندا دەبینن و گرنگی زۆر بە چاودێری کۆمەلایەتی دەدەنو پەروەردەو پرۆگرامی خوێندنو پەروەردەی خێزانی لەئاستێکی گەلێك پێشکەوتودان و ژنانیان زۆربەی مافەکانی خۆیان بەدەست هێناوەو رۆڵێکی دیار لە گەشەی وڵاتەکەیان دەبینن.

پ/ دەکرێت رۆڵی پارتی سوسیال دیموکراتی سویدو مێژووەکەیمان بۆ باس بکەیت ؟

و : پارتی سۆسیال دیمۆکراتی سوید یەکێکە لەو پارتانەی کە لە نەخشی سیاسی ئەو وڵاتەدا رۆڵێکی دیار دەگێڕێتو گەلێك دەستکەوتی گرنگیان بۆ کۆمەڵگاکەیان بەدی هێناوە ئەم پارتە لە ساڵی ١٨٨٩وە دامەزراوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سۆسیال دیموکراتیەکان ئەوا سوید بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپاکەمێك درەنگ تر ئەو رەوتەی بەخۆوە بینیوە چونکە سوید دوای ئەوان بوو بە وڵاتێکی پیشە سازی لە سەرەتاکانی ١٨٧٠ پیشەسازی دەستی پێکرد ئەمەش وای لە خەلك کرد کە لە لادێکانەوە بێنە شارەکان هەر لەو کاتەوە چینی کرێکاران دروست بوو، لە رێگای سەندیکانەوە بەرە بەرە گەشەی سەندو یەکەم بەیاننامەیان لە ساڵی ١٨٨١ خوێندرایەوە لەلایەن بەرگدورێکەوە کە ناوی (ئۆگست پاڵم)بوو ئەگەر چی تا ئەوکاتەش خەلك ئازاد نەبوو بێبێتە ئەندام لە رێکخراو سەندیکاکاندا دووچاری گرفت دەپوون چونکە وڵاتی سوید حوکمی مەلیکی بوو دەسەلات هەموو لەدەستی مەلیك دابوو. بەڵام ئەم پارتە بە خێرایی گەشەی سەندو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا باشترینو زۆرترین ئەندامو دۆستو لایانگیریان لەخۆیان کۆ کردۆتەوە، لەسەرەتادا ئەوان پشتیوانیان لە خەلکی هەژار و چینی کرێکاران کردوە و دروشمی ئەوان کە جێگای دڵخۆشی بوو بۆ خەلکەکە بریتی بوو لە

-مافی دەنگدان بۆ هەموو کەس

-دیاری کردنی کار بۆ ماوەی هەشت سەعات . بەو واتایە هەشت سەعات بۆ پشوو هەشت سەعات بۆ خەو

ئەو سەردەمە خەلك ئازاد نەبوو ببێت بە ئەندام لەو سەندیکایەو زۆرێك لە کرێکاران دەردەکران یاخود دەخرانە لیستی رەشەوە لەبەر ئەوە زۆر ئاسان نەبوو کەسێك ببێت بە ئەندام . لە ساڵی ١٨٩٦ پارتی سۆسیال دیموکرات توانی نوێنەر دابنێت لە پەرلەمان تا ساڵی ١٩١٧ هیچ کەسێك مافی دەنگ دانو خۆپاڵاوتنی نەبوو، هەر لەو ساڵەدا و لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و شۆرشی ئۆکتۆبەر، مەلیکی ئەو سەردەمەیان ناچار کرد کە هەقی دەنگدان بۆ پیاو دابنێت لە ساڵی ١٩٢٠ توانیان دووبارە فشارێکی تر دروست بکەن بۆ دانی مافی دەنگدان بۆ ژنان، لەگەڵ دروست بونی شۆرشی ئۆکتۆبەر سۆسیال دیموکراتیەکان بوون بە سێ بەشەوە هەندێکیان رێگای دیموکراسیو پەرلەمانیان پێ باش بوو بە شێکیان رێگای شۆرش زۆرینەشیان لەگەڵ ریفۆرم بوون، ئیتر سوید بە شێوەیەکی خێرا لە سیستەمی مەلیکەوە گۆراوە بۆ سیستەمی پەرلەمانی. لە ساڵی ١٩١٧وە سوید وڵاتێکی دیموکراتیە مەلیك تەنها شتێکی رەمزیە، لە ساڵی ١٩٢٠ پارتی سۆسیال دیموکرات بۆ یەکەمین جار حکومەتیان گرتە دەست بەڵام تەمەنی حوکمەتەکەیان کەم بو لەبەر ئەوەی زۆرینە نەبون. لە ساڵی ١٩٣٠ گەشەیانکردو لە دوای هەڵبژاردن دووبارە حکومەتیان بەدەست هێناوە، لەدوای ساڵی ١٩٣٢ تاماوەی ٤٤ ساڵ بەبەردەوامی دەسەلاتی لەدەست ئەوان دابوو، واتا حکومەت تەنها دووساڵی لەدەست سۆسیال دیموکراتەکاندا نەبووە بەڵام ٧٦ ساڵ حکومیان کردوە بەهاوکاری پارتەکانی تر. لەماوەی ئەو چەند ساڵەی کە ئەوان لەسەر حوکم بوونە توانیویانە گۆرانێکی گەورە بەدەست بهێنن بۆ کۆمەڵگای سویدی لە ڕانە دانانی وڵاتێکی بە سیستەمودیموکراتی، ژینکەی پاك، سەروەری یاسا،یەکسانی تەواو خۆشگوزەرانی میللەت، بوونی بیمەی کۆمەلایەتی بۆ هەموو تاکێك، پەیرەوی سیاسەتی سۆسیال دیموکرات ئەمانە وای لە هەموو تاکێکی کۆمەڵگای سویدی کردوە بەشدار بن لە بەرێوبردنی وڵاتەکەیاندا هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە بە بەرپرسیاریەتی کار دەکات.

سۆسیال دیموکراتیەکان داهێنەری لیستی پیاوێك و ژنێکن بۆ ئەوەی مافی ژن پێکبهێنن یەکسانی ئەو دوو رەگەزە پەیرەو بکەن، دەرفەتی خوێندن بۆ هەموو هاولاتیان بەبێ جیاوازیو یەکسانی، هەروەها لەماوەی حکومەتی سوسیال دیموکراتیەکاندا دەستکەوتی پێشکەوتنیان بەدەست هێنا لە مافەکانی (مرۆڤ، منداڵان، بەساڵا چوان، مافی دابین کردنی کار بۆ هەموان، کەئەمەش بە یاسایەك رێکخرا. بەکاربردنی تواناکانی کار لە ناو پرۆسەیەکی حیزبی پەرلەمانی ئەنجومەکانی شارەوانی) ئەمەش پەروەردە و باوەڕێکی لا دروست کردن کە هەموو تاکێك لەناو کۆمەڵگای سویدی بەشداری دەکات لە دارشتنی یاساو دابین کردنی خزمەت گوزای بۆ هەموو کەس‌و لایەك، ئیتر گەلێك دەست کەوتی گەورەیان بەدەست هێناوە بۆ کۆمەڵگاکەیان وەك پیشاندانی نموونەیەکی دیار سیستەمێکی پێشکەوتویی کارگێریو حیزبیو بەپراکتیك کردنی فەلسەفەی سۆسیال دیموکرات لەبواری کارکرندا. سۆسیال دیموکراتەکان کە گۆشکراون بە هزرو بیری سۆسیال دیموکرات زیاتر گرنگی بە بەرنامە رێژی کاری رۆژانەیان دەکەن وەك پێشکەش کردنی خزمەت گوزاریو بەکۆمەڵ کارکردنو پیادەکردنی بنەماکانی یەکسانی لە نێوان رەگەزی ژنو پیاودا چارەسەرکردنی گرفتی بێکاریو تەندروستیو خوێندنو ژینگە.

پ: تەشکیلەی و پەیرەوی کاری ناوخۆی پارتی سوسیال دیموکرات چۆنە ؟

و: تەشکیلەی یان هەیکەلی حیزبی سوسیال دیموکرات لەگەڵ (ی.ن.ك) هاوشێوەن (کۆنگرە، سەرۆك حیزب، سکرتێری حیزب، لیژنەی بەرێوەبردن، دەستەی کارگێری حەوت کەس، حەوت ئیحتیاڵ، سەرکردایەتی، مەلبەند، کۆمیتە، کەرت) سوید نۆ ملیۆن کەسەو ئەوان ١٢٢ هەزار ئەندامیان هەیە سوسیال دیموکراتەکان ١٠٠ کادیریان موچە وەردەگرن باقیتر هەموو خۆبەخشن هەر چوار ساڵ جارێك کۆنگرە دەبەستن

پ: لەسەر دەسەلاتی و حکومەتی سوید چیتان بینی ؟

و: حکومەت دەسەلاتی هەیە کار بە نیوەی داهاتی خەلکەوە بکات واتە نیوەی دەخلی هاولاتیان بۆ حکومەتە لە شێوەی زەریبە، ئەمەش لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەت بە هێزە کە بتوانێت تەحەکوم بە نیوەی داهاتی خەلکەوە بکات بەڵام ئەو پارەیەی حکومەت بە شێوازێکی سیستەماتیك بۆ گەشەی کۆمەڵگای سویدی بەکاردەهێنرێت بە شێوازێك کە حکومەت پارە دەخاتە بەر دەست ئەو شوێنانە لە ٥٠٪ دەگاتە دەست حکومەت کە ٢٠٪ بۆ شارەوانیەکانە ١٠٪ بۆ موقاتەعەکان (کەرت) لە ٢٠٪ بۆ کاروبارەکانی حکومەتە، وەزارەتەکانی حکومەتیش کاری راستەوخۆ ناکەن بەڵکو تەنها چاودێری بەریوبەرایەتیەکان دەکەن بە شێوازێکی تر وەزیرەکان سێ جۆر دەسەلاتیان هەیە میزانیە دادەنین ، یاسا لە وەزارەتەکەیان دادەنین و پەیرەوی دەکەن ،دامەزراندنی بەرێوبەرەکان

لە کۆتایدا قسەیەکت مابێت ؟ سوپاس بۆ ئێوە